
ئەنجومەنی دادوەری: زیاتر لە ٣٧ هەزار زیندانی بە لەبوردنی گشتی ئازاد دەکرێن



ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق دەڵێت، زیاتر لە ٣٧ هەزار زیندانی بە یاسای لەبوردنی گشتی ئازاد دەکرێن، دەشڵێت، جێبەجێکردنی ئەم یاسایە زیاتر لە ٤٠ ملیار دیناری بە خەزێنەی گشتی دەوڵەت گەیاندووەتەوە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە ٦ـی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، نووسینگەی راگەیاندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە وتی، نزیکەی ٣٧ هەزار و ٢٥٣ زیندانی بە یاسای لەبوردنی گشتی کە هەموار کراوەتەوە، ئازاد دەکرێن.هەروەها کەی سەرجەم ئەو کەسانەی کە سوودمەند دەبن لە یاساکە، ژمارەیان دەگاتە ١٥٠ هەزار کەس.

وتیشی، کەی گشتی ئەو بڕە پارەیەی کە گەڕێندراوەتەوە بە خەزێنەی گشتی دەوڵەت، بریتییە لە ٤٠ ملیار و ٩٠١ ملیۆن و ٤٥٩ هەزار و ٨٦٩ دینار.